# درەختـــــــــــــــه مەستەكان

## قوبادی جەلی زادە



وەك ژنە شۆخەكانی شار ، درەختە شەنگەكانی سەرچنار دەمناسن !
شەوان كە لەگەڵ (( شاگوڵ )) ێكدا، دەگەمە وێ .
دارەكان یەك یەك ، خۆیان لە چەمەكە دەدزنەوەو
دێنە لام .
درەخت هەیە بە سیرێجەوە دێ .
هەیە بە مەقنەو مانتۆوە !
هەیە بەدەم سەماوە .
هەیە بە تەنورەیەكی كورتەوە .
درەخت هەیە رووت رووت !!

من لەبەر دەمیاندا ، (( گوڵ )) مكەم ماچ دەكەم .
ئەوان یەكتری دەلێسنەوە !
(( پێشئەوەی بگەمە وێندەر ،
درەختەكان دەمیان نەبوو ))

كە پێكێك عەرەق هەڵدەدەم ، درەختەكان دادێنەوە .
دەست دەخەنە نێو چەمەكە .
مشتیان پڕ دەكەن لە شەراب !
(( بەر لەوەی من بخۆمەوە ،
دارەكان عەرەقخۆر نەبوون ))

كە دەست بۆ سینگی (( گوڵ )) دەبەم ،
درەختەكان ،
هێشوو
هێشوو
مەمك دەگرن !
(( بەر لەوەی من مەمك بگرم ،
درەخت مەمكی نەكردبوو ))

که (( گوڵ )) گۆرانیم بۆ دەڵێ ، گەڵاکان دەبن بە کۆڕس .

لقەکان شمشاڵ دەژەنن !

(( بە لەوەی گوڵ ،

عەتری گۆرانی بڕێژێت

درەختەکان گوێیان نەبوو ))

که ماشێنێکی پڕ لە چەکداری دڕندەش

بە سەرچناردا رەت دەبێ ،

من و گوڵ ، بە جادە پێچاو پێچەکانی (( قلیاسان )) دا

روەو شار کێل دەبینەوە .

درەختەکانیش ، وورده وورده ، دەخزێنه ئامێزی چەمەوە .

پاژنەیان لە خاك دەترازێنن و دێنە سەر نووکی پێ .

تا ،

لە نێو لایتی ماشێن و گڵۆپەکانی رۆخ جادە وون دەبین ،

بە دەستی سپی

بە پەنجە سەوز

بە نینۆکە مۆر ،

مائاواییمان لێ دەکەن .

---

سەرچنار : هاوینە هەوار .

قلیاسان : گوندێکە بە پاڵ سەرچنارەوە .